# شانۆنامەی باوك

**بۆ هاوڕێی و برام: مامۆستا ئومێد**

**خەمبارم بەم كۆچە**

**بۆ دەستەی نووسەرانی ماڵپەڕی چراكان**

ژیانی مرۆكانی سەر ئەم ئەستێرەیە، پرسیارێكە لە بەرانبەر دابڕان و مردن، هەندێك جار مردن دەبێتە جوانترین یاداشتەكانی ژیانی ئێمە، زۆر جاریش دابڕان دەبێتە گەورەترین تاریكستانی ژیانی ئێمە! ئەوانەی لە مردن حاڵی بوون، لە جوانییەكانی ژیانیش حاڵین بۆ زەنگینكردنی یاداشتەكانی ژیان بە هەموو تراژیدیاكانییەوە. ژیان كە بۆ خۆی مۆمێك بێت بۆ تاریكستان چی دەكەیت لەو ساتانەی كە لە ناو چراخانێكدا قیت وەستاویت و كەسێك نییە ئاوڕێكت لێ بداتەوە و لە یەكەم هەنگاونانیدا ئامێزێكی گەرمت بۆ بكاتەوە. ئەوە بە تەنها خاكە ئامێزی خۆی بۆ كوڕە بەخشندەكانی خۆی دەكاتەوە، ئەو كوڕانەی كە زەمانێك بەر لە ئێستا دەستییان بە پشتێنی خوێناوی خاكەوە گرتبوو تاكو هەرچی زام هەیە لەگەڵ راكێشاندا بەربێتەوە و لەبەر پێی خاكدا بە چۆكدا بێت. من دڵنیام تۆی ... ئازیز تۆ هاوڕێم مردن بە جوانترین تەفسیر دەزانیت بۆ یاداشتەكانی ژیانی خۆت. تۆ دوور نیت، تۆ ئەوەتایت لە ژێر جامانەكەی حاجیدا و جار جار فرمێسكەكانی بۆ دەسڕیت، كاتێك بە دەم گریانەوە لە بینینی مناڵێكی هەژاردا چاوەكانی زیت و تەزبیحەكەی نێوان دەست و پەنجەی ئۆقرە ناگرن تاكو ماچێكی باوك و فەرزەند نەبەخشێت.

هیوامە بەرگەی ئەم سەفەرە بگریت، كە قافڵەیەكە ئێمەش لە كۆتاییەكەیدا سەرەمان گرتووە بۆ شادبوونەوە و بینینەوەی رۆحە هونەرییەكان لە ژێر بەجوانیكردنی نیشتمان و ئینسانی بووندا.

بمبورە هاوڕێم كە ئێستاكە لە لات نیم بەڵام دڵنیام بۆ هەمیشە تۆ لە ناو خەمەكانی من و منیش لەناو پێكەنینەكانی تۆ و حاجیش لە ناو گاڵتەوگەپەكانی بنەماڵەكانتدا بۆ هەمیشە زیندووە، زیندووە وەك ئەو جڵەنێرگزانەی كە هەموو بەهارێك هەر یەكەمان بە تاسەوە بۆنی مردن و بۆ ژیان دەكەین.

**هاوڕێت**

**دەوەن**

2006/ 11/ 22

**سلێمانی**